## مەرگێ لەپایزدا ئەسرین و پەژارەی هێنابۆ کۆچی دوایی (مەرزیە فەریقی) ... چرۆ زەند

zandchro@hotmail. com

لە یەکشەمەیەکی پایزدا ئەستێرەیەکی ناوداری کورد. هونەرمەندی دەنگ خۆش. پێشمگەری شاخو دۆڵ خاتوو مەرزیە چاوی لێکنا لەهەندەران. ماڵئاوای لە گەل. نیشتمان. خۆشەویستان کرد. کەمن ئەو ئافرەتانەی دەبنە پێشمەرگە. کە ئازان و باوەڕیان بەخۆیە و بەرگری لەمافی خۆیان دەکەن. کەدەبنە گۆرانی بێژ. خاتوو مەرزیە ئەو ئافرەتە دەگمەنانە بوو بوە هەرسێك. لەپایزی پاردا لە سلێمانی بەرێکەوت چاووم پێکەوت لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا کەلە بارەی خاوێنی شارو ژینگەوە بوو منیش یەکێ بووم لە ئامادەبووانی ئەو بەرنامەیە. لەو دەرفەتەدا گەلێ دوام لەگەڵ خاتوو مەرزیە. لە ئەنجامی ئاخافتنەکەدا ووتی:" لە کاتی هاتمدا بۆ کەندا بۆ ئاهەنگی ساڵیادی کۆمەڵە لە فرۆکەخانەی تۆرۆنتۆ داوای تەرجمانی کوردم کرد. لەبەر کەمی یان نەبوونی تەرجوومانی کورد زۆریان ڕاگرتم. پاشان تەرجوومانی فارسیان بۆ هێنام. هێدە هیلاکیان کردم ڕەنگە جارێکیتر نەیەمەوە. " منیش کارتی کارەکەمم دایە. ووتم تکایە گەر هاتی پەیوەندیم پێوە بکە وەك تەرجمانێکی ڕوخسەت پێدراو لە کەنەدا بەخۆشحالیەوە دێم و وتەکانی خاتوو مەرزیە وەردەگێرم. ئەو خاتوونە میهرەبانە بە شادییەوە پێشوازی لە پێشنیارەکەم کرد. لە نێوانی ئەو گفتو گۆیەدا. لەمن وابوو مردن ستەمە زەفەر بەری بەو شۆخە. کەچی ئەمرۆ شەقامەکان ڕەشپۆشن بۆ تەرمی ئەو. خۆشەویستان فرمێسك و ئەسرین دەرێژن لە پەژارەی جودای ئەو. لە پایزێکی گەڵارێزان و ڕەنگاو ڕەنگدا خانمی شۆخ خەونی هەمیشەی لێکەوت و گەلێ هیوای لە دڵدا بوو بەدی نەهات. یەکێکیان یەکگرتنی کوردستانی گەورە بوو. بەڵام دڵنیام لە نەژادی گەلی کوردا ژیاننامەو خەباتی ئەو لە لاپەڕەیەکی شانازیدا تۆمار دەکرێ. سروود و لاوك وحەیرانی ئەو لە کوچەو کۆڵان و لەناو ماڵەکاندا بەنەمری دەبیسترێ. بەسەر زاری منداڵانەوە دەوترێتەوە. کەسایەتیشی قوتابخانەو ڕێبازێکی بێ پەروان. بۆمن بۆ گشت ئافرەتێ کە لە بوارێکدا هەوڵ ئەداو نەمری دەوێ. جوانترین چەپکەگووڵی ئەم پایزە بێتە مەزاری گۆڕی خانمی ئازا و ڕشت مەرزیەی نەمر.

سێبتەمبەری 2005